# بوش لە 2005 ئامادەکاری بەرەنگاربوونەوەی پەتایەکی جیهانی کردبوو

07-04-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

## RRC |

## [ڕێبوار قاسم]|

**لەکاتی پشووی هاوینەی 2005 لە تەکساس، جۆرج دەبلیو بوش، سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا دەستیدابووە کتێبێك کە نەیدەتوانی دابنێ، کتێبەکە لەبارەی ئەنفلوانزای ئیسپانیی ساڵی 1918 بوو. بوش لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ واشنتن کتێبەکەی دابووە دەست فران تاونسێند، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا و پێیگوتبوو "دەبێ ئەمە بخوێنییەوە. ئاگادار بە، ئەمە هەموو 100 ساڵ جارێك روودەدات. ئێمە پێویستیمان بە ستراتیژێکی نیشتمانییە".**

کتێبەکە ناوی (ئەنفلوانزای مەزن)ە و جۆن ئێم بەری نووسیویەتی و بەسەرهات و مێژووی ئەنفلوانزای ئیسپانی دەگێڕێتەوە، کە نزیکەی 500 ملیۆن کەسی تووشکرد و کۆتایی بە ژیانی 40 بۆ 50 ملیۆن کەس هێنا.

فران تاونسێند لە لێدوانێك بۆ کەناڵی (ئەی بی سی) ئەمریکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەو سەروبەندەدا هەمەلایەنترین پلان لە مێژووی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەی پەتایەکی جیهانگیر لەدایکبوو، کە دروستکردنی تەکنەلۆژیای نوێ و خێرای ڤاکسین و کۆگایەکی گەورەی پێداویستییە گرنگەکانی لەخۆدەگرت، لەوانەش دەمامك و ئامێری هەناسەی دەستکرد.

ئەم هەفتەیە ڤیدیۆیەکی ساڵی 2005ی بوش لە ناوەندەکانی ئەمریکا زیندووکراوەتەوە کە تێیدا سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا هۆشداری دەدات: "ئەگەر چاوەڕێی پەتایەکی جیهانی بکەین، ئەوە بۆ ئامادەکارییەکان زۆر درەنگ دەکەوین". کاردانەوەی دوو هەفتەی رابردووی ئەمریکا بەرامبەر پەتای کۆڤید۔19 گومانی ئەوەی دروستکردووە کە ئەمریکا بۆ پەتایەکی لەو جۆرە ئامادەکاری نەکردبێت. ئەو پلانەی بوش بیری لێدەکردەوە تەنانەت ستافی ئیدارەکەی خۆیشی تووشی شۆك کردبوو.

راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی دەڵێت "کاردانەوەی من ئەوەبوو کە گوتم من لەنێو کاردا ونبووم، من سەرقاڵی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، تۆفان و ئاگری دارستانەکانم. بەڵام ئەو گوتی رەنگە ئەمە لەکاتی دەسەڵاتی ئێمەدا روونەدات، بەڵام ئەم وڵاتە پێویستی بە پلانە".

سەرەتای ئەم مانگە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانیدا رایگەیاند کۆگای کەلوپەلی خۆپارێزی تاکەکەسی نزیکە لە بەتاڵبوون، یەکێك لە پێکهاتەکانی ئەو کۆگایە دەمامکی N95ە، کە بەشێوەیەکی بەربڵاو بۆ خۆپاراستن لە تووشبوون لە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەکاردەهێنرێت و رێگری لە تێکەڵبوونی گەردیلەکانی هەوا لەگەڵ هەناسەی مرۆڤ دەکات.

پلانەکەی بوش بۆ پەرەپێدانی کۆگای نیشتمانیی بە 7 ملیار دۆلار دەستپێکرد. بەڵام وەك هەموو هەوڵێکی رێگری دوای ماوەیەك پاساوێکی ئەوتۆ نامێنێ بۆ ئەوەی هەموو ساڵێك هەمان بڕی بودجەی بۆ تەرخانبکرێت. کارڵ رۆڤ، راوێژکاری ئیدارەی بوش، بە (فۆکس نیوز)ی ئەمریکی راگەیاندووە هەرچەندە بوش دەستی بە جێبەجێکردنی پلانی بەرەنگاربوونەوەی پەتایەکی جیهانی کرد، بەڵام پلانەکە درێژەی پێنەدرا.

رۆڤ دەڵێت: "یەکێك لەو شتانەی سەرم لێی سوڕماوە ئەوەیە کە وابزانم لە 2014 بوو کاتێك ژمارەیەکی زۆر دەمامکی N95 لە کۆگاکە دەرهێنران، بەڵام هیچ کات شوێنیان پڕنەکرایەوە. وابزانم هەمان شت بەسەر کۆگاکانی ئامێری هەناسەدانی دەستکردیش هات".

بە گوتەی راوێژکارەکەی بوش بەشێك لە کێشەکە پەیوەندی بە ماوەی مانەوەی کەلوپەلەکانی نێو کۆگاکانەوە هەیە، هەندێك لەو کەلوپەلانەی وەك ئامێری هەناسەدانی دەستکرد بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێننەوە و بەردەوام بەکاردەهێنرێنەوە، بەڵام دەمامکەکان لەگەڵ تێپەڕینی کات کاریگەرییان کەمدەبێتەوە و تەنیا یەکجاریش بەکاردەهێنرێن، هەر بۆیە ئەو بەشە لە کۆگاکان پێویستیان بەوەیە ماوە ماوە پڕبکرێنەوە، ئەوەش پێویستی بە بودجەی بەردەوامە.

مانگی شوباتی ئەمساڵ ئالێس ئازەر، وەزیری تەندروستی و خزمەتگوزارییە مرۆییەکان بە کۆنگرێسی ئەمریکای راگەیاند کۆگای نیشتمانیی ستراتیژیی ئەمریکا 30 ملیۆن دەمامکی نەشتەرگەری و 12 ملیۆن دەمامکی N95ی تێدایە، ئەوە جگە لە 5 ملیۆن دەمامکی دیکەی جۆری N95 کە ماوەی بەکارهێنانیان بەسەرچووە.

بەپێی راپۆرتێکی تۆڕی میدیایی بلومبێرگ، دوای بڵاوبوونەوەی ئەنفلوانزای وەرزی لە 2009، کە قەیرانی کەمیی دەمامکی N95ی لێکەوتەوە، ئیدارەی باراك ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا بڕیاریدا 75٪ی دەمامکەکانی کۆگای نیشتمانی دابەشبکات، بەبێ ئەوەی جارێکی دیکە کۆگاکە پڕبکرێتەوە.

کۆگای ستراتیژیی نیشتمانی لە بنەڕەتدا لەساڵی 1999 دامەزراوە، ئامانج لەو کۆگایە ئامادەبوونە بۆ هەڕەشەی وەك پەتای جیهانی، کارەساتی سرووشتی و تیرۆریزمی بایۆلۆژی. کۆگاکە سەرەتا ناوی کۆگای پێداویستییە دەرمانییە نیشتمانییەکان بوو، بەڵام دواتر لە 2003 رێکخرایەوە و کەلوپەلی نوێی بۆ زیادکرا و ناوەکەشی کرایە کۆگای ستراتیژیی نیشتمانی.

بەپێی بەدواداچوونێکی رۆژنامەی USA Todayی ئەمریکی، لەکاتی دامەزرانییەوە، کۆگاکە 13 جار کەڵکی لێوەرگیراوە، لەوانەش لەکاتی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر، هێرشە تیرۆریستییەکانی دیکە، هێرشە بەکترياييەکان، باهۆزەکانی کاترینا، ریتا لە 2005 و باهۆزەکانی گۆستاف و ئایکە لە 2008.

لەکاتێکدا ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا تاوەکو پاش نیوەڕۆی دووشەممە نزیکەی 1 ملیۆن و 288 هەزار کەسی تێپەڕاندووە و زیاتر لە 70 هەزار و 500 کەس بە ڤایرۆسەکە گیانیان لەدەستداوە، زانایان پێشبینیدەکەن بەرهەمهێنانی ڤایرۆسێك 12 بۆ 18 مانگی پێویست بێت.

بوش لە 2005 جەختی لەوە کردبووەوە کە "ئەگەر پەتایەکی جیهانی لێمانبدات، ئەوە دەبێ توانای ئەوەمان هەبێ کە بە خێرایی ڤاکسینێك دروستبکەین و بتوانین بەپێی پێویست ڤاکسینەکە دروستبکەین بۆ ئەوەی ئەمریکییەکان لەبەرامبەر هێرشی پەتا جیهانییەکەدا بپارێزین".

ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی جیهان بەهۆی بڵاوبوونەوەی خێرای ڤایرۆسی کۆرۆناوە تووشی کەمی پێداویستییە سەرەکییەکانی خۆپارێزی بوون، بەتایبەتی دەمامك کە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی رایگەیاندووە بۆ خۆپارێزی پێویستە. ئەوەش وایکردووە زلهێزە ئابوورییەکانی جیهان بکەونە ململانێیەك لەسەر بەدەستهێنانی دەمامك، کە فەرەنسا بە "جەنگی دەمامك" ناوی دەبات.

یەکێك لە هۆکارەکانی کەمبوونەوەی بەرچاوی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خۆپارێزی دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی ژمارەی پشکنینەکان لە دوو هەفتەی رابردوودا، کە تێیدا ئەمریکا بە زیاتر لە 1 ملیۆن و 773 هەزار پشکنین لە پێشەنگی وڵاتان دێت. ستافی ئەو پشکینانە پێویستییەکی زۆریان بەو پێداویستییانە هەیە.